هاکان فیدان: لە هەوڵ داین بە راگەیاندنی ئاگربەست لە غەززە

وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند: بە گەیشتن بەرەکەوتنی تەواو بە راگەیاندنی ئاگربەست و گەیاندنی هاوکاری بە غەززە لە هەوڵکانیان بەردەوامن.

هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە کۆنفرانسکی رۆژنامەوانی لەگەڵ سامح شوکری هاوتا میسرییەکەی، رایگەیاند: بە گەیاندنی هاوکارییەکان بە کەرتی غەززە هاوکاری تەواو لەگەڵ میسر دەکەین.

راشیگەیاند، لەرووی ئابوورییەوە قەبارەی بازرگانی نێوان تورکیا و میسر بە 15 ملیار دۆلار بەرزدەکەینەوە.

هاوکات سامح شوکری، وەزیری دەرەوەی میسر، رایگەیاند: بە کەبوونەوەی لوتکەی هەردوو سەرکانی میسر و تورکیا ئامادەکاریی تەواو دەکەن.

لەبارەی دەخی غەززەش، وەزیری دەرەوەی میسر، گوتی "هەوڵەکانمان بەردەوامن تاوەکو بگەین بە رەکەکەوتن بە ئاگربەست لە غەززە".

هەروەها لەبارەی دەوڵەتی فەڵەستین، ئاشکرایکرد، سوورن لەسەر دروستکردنی دەوڵەتی فەڵەستین و لەو رووەشەوە هەوڵەکانیان چەکردووەتەوە.